شەهیدەکان (ئەستێرە درەوشاوەکانی عەنکاوە)ن..

ن/ جەمیل عیسا

عەنکاوەی ئەمرۆ وای لێ هاتووە بەشاری هەولێر ببەسترێتەوە و بە یەکتری بگەن لە بەرهۆکاری ئاوەدان کردنەوە و گەورە بوونی هەولێر و عەنکاوە و دروست کردنی خانووبەرە و گەرەکی نوێ و فراوان بوونی سنووری هەردولا ئێستا وای لێ هاتووە عەنکاوە وەک گەرەکێکی شاری هەولێر بێت چونکە جاران نزیکەی (٤-٥) کیلومەتر لە سەنتەری شاری هەولێر دووربوو . سەرەرای ئەوەی کە عەنکاوە تاوەکو ئێستاش وەک شارۆچکەیەکی کارگێری سەر بەخۆیە ونزیکە (٦٠) گوند لە سنووری کارگیری وشارۆچکەیەدان.

عەنکاوە ومێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شارەستانیەتی ومێژووی کۆنی شاری هەولێر و بەگەورەترین مێژووی شارستانینی دادەنرێت . وەهەرلەم شارۆچکەیە چەندین شوێنە واری گرنگ هەیە کە ئەوە دەسە لمێنت ئەو ناوچەیە شوینی نیشتەجێ ی مرۆڤی کۆن بووە بەر لەهەزاران ساڵ و بۆ نەتەوە جۆراو جۆرەکان .

عەنکاوە بەم شوێنەوارانەی کە هەیە وبەشێکی تۆمار کراوە لە لایەن بەڕێوەبەرێتی شوێنە واری گشتی وەک: ١- خربەی عنکاوە ٢- گردی مەسینە ٣- گردی قەصرا کە گوردستانی کۆنەی عەنکاوەیە ٤- گردی مام یەلدا ٥- گردی مارعەودیشو ٦- مارسنیقا ٧- مەریە مانە (مەزار) ٨- مار ئیلیا ٩- مارت شمۆنی (مەزار) ١٠- شوێنە واری تر .

عەنکاوەی کۆن لە گوندێکی ناسنامەیەک بووتەنها لەو ترسنۆکانە دەوەشایەوە کە لاسایی هۆلاکۆ کشتووکالی و ئاژەل لە وەرین وپیشە و کاروباری فەلاحەتی و مەرداری وپیشەی ناو مالەوە کە زۆربەی خانووەکانیان لە قور وخشت دروست کرابوو ئێستا بۆتە مەلبەندێکی گەورەی شارستانیەتی نوێ و بەدەیەها کوشک وتەلار خانووبەرەو شەقامی ڕێک وپێک و باغچەی جوان ورازاوە و چەند کەنیسەیەک کە جاران واتە پێش هەشتاکان تەنها (کەنیسەی مارگورکیس) ی لێ بوو بەلام ئێستا بەگەورە بوونی ئەم شارۆچکەیە (کەنیسەی ماریوسف) و (مار ئیلیا) و وای لۆ هاتووە مەزارە کانیش لە ڕۆژانی یەک شەممە وجەژنەکان قوداسیان تیا بکرێت. جگە لەوەی کەژمارەی دانیشتوانی عەنکاوە ڕوو لە زیاد بوون دایە و بەحوکمی ئەوەی کە مەلبەندێکی مەسیحی گەورەیە و ناوچەیەکی ئارام وهیمن وئاشتی خوازیشە زۆربەی مەسیحی یەکانی بەغدا وموسل وبەسرە و شارەکانی تری عیراق لەم ناوچە یە ئۆقرە یان گرتووە ئیستا عەنکاوە بەمەلبەندی ڕۆشنبیری وهونەری مەسیحی یەکان دادەنرێت وتێکەلاوی و ئاوێتە بوونی خەلکە کەی لە گەل شاری هەولێر یەکتری گرتووە و چەندەها بنکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری و ڕۆژنامەو و گۆڤار و قوتابخانە و خوێندنگای تیایەو ژمارەی دانیشتوانی زۆر لە زیاد بوون دایە. خەڵکەکەی بەژیانی فەرمانبەری وموچە خۆری دەولەت و کشتوکال خەریکن بەلام بەم دواییە سنووری زەوی وزاری کشتوکالی کەم بۆتەوەو کشتوکالیش ڕوولە کزی کردوە و ئاژەلداریش نەماوە وەیازۆر دەگمەنە .

ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمە ڕۆژێمی گۆربە گۆری بەعسی لەوەتەی دەسەلاتی کەوتە دەست هەر لە سالی ١٩٦٣ وە لە هەولی ئەوە دابوو مەسیحییەکانی عەنکاوە بچەوسێنێتەوە و خەریکی پاکتاوی ڕەگەزی بوو وەهەموو ئەشکەنجە دانەکانی خەلکی عەنکاوە لەسەر دەستی عەقید خەلیل بووە. وەلەدوای کودەتا شوومەکەی ١٧ ی گەلاوێژی ١٩٦٨ بۆ جاری دووەم بەعسیەکان هاتنەوە سەرحوکم وئەمجارەیان بەنەخشە و پلانێکی تری نوێ و وداڕێژراو بارەگاکانی خۆیان لە کوردستان کردەوە و هەموو شارەکانیان بەسوپاو سیخورجاش و ئەلقە لە گوێ کانیان کونترۆل کرد. وەئەوەی بەسەر کورد سەپێنرا مەسیحیەکانیشی لێ بێ بەری نەبوون وجەنگیز خان و موسولینیی وهتلریان دەکردەوە وە بۆ لەناوبردنی گیانی نیشتمانیەروەری وکپ و بێ دەنگ کردنی ئەو دەنگانەی کە لە شوێنە جیاجیاکان لەناوریزی پێشمەرگە، لە بەندیخانەکان، لە کێلگە و قوتابخانە و خویندنگا وشەقامەکان وناوماڵەکان و دۆست وکێژەکان دەنگیان لێوە دەهات لێرەدا دەنگیک سەرهەڵدەدات لە دژی داگیر کەرو نۆکەر وسیخورەکانی بەعسی ئەودەنگە دلێرە، ئەونەرەشێرە (عبدالمسیح پولس صلیوا یە) کە ناسراوە بە (سۆران) شەهید سوران ئەوکەڵە پیاوە تێکۆشەرە بۆ بەرپەچرانەوە و بەرنگار بوونەوەی بەعسی یەکان چوتە ریزی پێشمەرگە دلێرەکانی (ی.ن.ک) لە سالی ١٩٨٢ و پەیوەندی راستە وخۆی لە گەل لە دایک بووە وخوێندنی سەرەتای وناوەندی و ئامادەیی لە عەنکاوە و هەولێر تەواوکردووە دوای ئەوەی کە بەنهێنی ژن دەهێنی بۆ ئەوەی ڕژێم پێ ی نەزانێت وخیزانەکەی جیگۆرکی بەشوینی خۆی دەکات کە فەرمانبەر بوو لە نەخۆشخانەی لە دایک بوونی شاری هەولێر (خاتوو سیبەر صلیوە برایموک) ئەوەندە ژیرو چاونەترس وچالاک بوو، وە ئەوەندە شانازی بەسورانی دەکردو لەو سەروەریانەی کە لە دژی ڕژێم تۆماری دەکردن چونکە بەلای ئەو ڕزگار بوونی کوردستان لە چۆکدانە دانە بەرامبەر بە ڕژێمی دکتاتوری داگیر کەر. وەلە مانگی ئەیلولی ١٩٨٨ مندالێکیان بوو کە تەمەنی زیاتر لە مانگێک نەدەبوو ئەویش لە گەل (سیبەری دایکی) وهەموو خانەوادە ی شەهید سۆران کەبریتی بوون لە دایک وباوک وچوار خوشک هەموویان کەوتنە بەر شالاوی گرتن ولەناوبردن وبەکۆمەل پاش گوللەباران کردنیان زیندە بە چال کران.

کە تائیستاش هەندێکیان گۆڕەکانیان نەدوزراوە تەوە شەهیدە کانیش:

١- بولس صلیوە یوسف ١٩٢٧ باوکی شەهید سۆران

٢- نێرگز یونان ئەلیاس ١٩٢٨ باوکی شەهید سۆران

٣- عبد المسیح بولس صلیوە (شەهید سۆران) ١٩٥٦ ناسراو بە

٤- سیبەر صلیوە برایموک ١٩٦٠ خیزانی شەهید سۆران

٥- ژالە عبدالمسیح پولس تەمەنی یەک مانگ کچی شەهید سۆران ١٩٦٠

٦- حمامە پولص صلیوە خوشکی شەهید سۆران / دەرچوونی ئامادەیی

٧- صبیحە پولس صلیوە ١٩٦٣ خوشکی شەهید سۆران ٦ ی ئامادەی .

٨- نادیە پولس صلیوە ١٩٦٦ خوشکی شەهید سۆران ٦ ی زانستی

٩- شەزا پولس صلیوە ١٩٧٢ خوشکی شەهید سۆران

دوای ئەوەی کە چەند مانگێک دەربەدەر کران و دوای ئەوە ئەوخیزانە لە ئەنفالەکان دووبارە کەوتنە بەرشالاوی ئەنفال لە ١٩٨٨/١٠/٢٨ لە گوندی کلاورەش زیندەبەچال کران و دواتریش بەپێی زانیاریەکان هەندێکیان لە لایەن سیخورەکانی ڕژێم بۆ کارگەی قیری هەولێر گواستراونەتەوە بە

پێ ی وەفاتنامەی نەخۆشخانەی شەهید حەبیب مالح ژمارە (١/٢-١٩٩٥) لە ١٩٩٥/٤/٢٣ تەرمی هەریەک لە ئەندامانی ئەو خیزانە سەلمێنراو و دوای وەی کە لە سالی ١٩٩٥ بەشێکیان دۆزرانەوە بەلام ئەوانی تر هەتا کوئیستاش تەرمەکانیان دیارنەماوە وئاشکرانەبووە.

هەزاران سلاۆ لە گیانی پاکی شەهید سۆران وبنەماڵەکەیان هەزاران سلاۆە لە بنەمالەی (پەلەندەر) کە مام پولس ونیرگز خان وسیبەر خان و ژالەی کۆرپەو حەمامە وصبیحە ونادیە وشەزا وکشت شەهیدانی عەنکاوە ومەسیحی یەکانی کوردستان وشۆرشی نوێی.


شەهید بولس صلیوە یوسف

شەهید نێرگز یونان ئەلیاس


شەهید سۆران

شەهید سێبەر صلیوە


شەهید شەزا پولس صلیوە

شەهید نادیە پولس صلیوە

شەهید حمامە پولص صلیوە

شەهید صبیحە پولس صلیوە

شەهید ژالە عبدالمسیح پولس

جەماوەری عەنکاوا داوای لابردنی باجی خانووبەرە دەکەن

لەم دواییەدا نوێنەرانی دەستەکارگێریەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە عەنکاوا زنجیرە کۆبوونەوەیان ئەنجام دا، ڕێکەوتن لە سەر لابردنی باجی خانووبەرە کە لە سەر دانیشتووی عەنکاوا زیاتر لە (٢٠) سال پەسەندکراوە، بە ئاراستەکردنی نووسراوێک بۆ بەڕێز سەرکیس ئاغاجان وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەواژووی نوێنەرانی دەزگاکانی کۆمەلگای مەدەنی داوا دەکەن باجی خانووبەرە لە عەنکاوا لابببدرێت بەگوێرەی یاسا، لە نووسراوەکە هاتووە لەگشت عیراق و کوردستان باجی خانووبەرە تەنها دانیشتوانی سەنتەری شارەکان دەگرێتەوە، هیچ ناحییەیەک ئەم باجە نایگرێتەوە تەنها عەنکاوا نەبێت.

نوێنەرانی دەزگاکانی کۆمەلگای مەدەنی چاوەڕوانی وەلامی نووسراوەکەیانن.

لوغزی باخچەکانمان

وەک ڕون و ئاشکرایە هەموو شارێک بۆ ڕازانەوە و ژینگە پاڕێزی چەند باخچەیەکی تێدا دروست کراوە ئەم باخچە گشتی یانە کە بۆ حەسانەوەی خەڵکە بەڵێ ئەوەی لە شارەکەم دەبینم شارۆچکەی عەنکاوە ئەوەی تێدا زۆرە باخچە گشتی یەکانە کە بە شێوەییکی ڕێک و پێک ئەرکی شارەوانی تیدا دیارەو بایەخی پێ دراوە بەڵام ئایا هەموو باخچەکان ئامێزیان کراوەتەوە بۆ پێشوازی خەڵک ؟! ئایا باخچەکان تامەزرۆی ئەم منالە چاو بەنازانەن کە ئێواران تێیدا یاری بکەن؟! بەڵام ئەمە لوغزێک نی یە کە زۆربەی باخچەکان تەناف دراون لە دەرگایانەوە قوفلێک دراوە؟! ئێ باشە ئەگەر بەم هاوینە ووشک و گەرمە خەڵک ڕوو لەم باخچانە نەکات،وابزانم بە زستان کەس ڕوو لەم باخچانە ناکەن!! سەیرە باخچەکانی عەنکاوە هەمووی بێ ناوون تەنها باخچە یەک نەبێ ڕەنگە ئەمەش ناو لێنانی خەڵکی بێ بەناوی (باخچە نیسان) سەیرە ئەم ناوە لە چی یەوە هاتووە؟! ناوی شاخە؟! ناوی شاعیرە ناوی شۆڕشگێرە؟! ئەمەش ڕەنگە لوغزێک بی..

ئێوارەیەک لەگەڵ گەرانەوەی کوڕەکەم بۆ ماڵەوە چاو بەگریان، دایەگیان ببمە باخچەی نیسان! منیش فرمێسکی گەشم سڕیەوە باشە بابەگیان، پرسیار کردن لە جیران و دەستە خوشکان تا باخچەی نیسانم دۆزیەوە، قاقای پێکەنین و زیتەی منداڵان زۆر خۆش حاڵ بووم هەر کە گەیشتم کورەکەم لە سەریەک لە یاریەکانم دامەزران (ترامپۆلین) یاریێکە کە منداڵ لەسەری هەڵ دەبەزی ودادەبەزی ئیتر چاریگەکی نەخایاند گوێم لە دەنگی (عمود لێدان بوو)، سەیرم کرد چاودێرێک بەدەستی دار دووچاری لە (عمودی کارەبا) ی داو پاشان کارەبای کوژاندەوە، منداڵ کەوتنە زیقە زیق و گریان و پەرتەو بڵاوە

لەم تاریکە شەوەدا چاو چاو نابینێ دایک هاوار بۆ منالە کەی منداڵ هاوار بۆ نەعل و پێڵاوەکەی کە یاری (ترامپۆلین) بە پێخواسی دەکرێ، منداڵ کەوتنە شەڕو پێک دادان گریان لەسەر نەعلەو پێڵاو یان تێکەڵاوو بزر ببوو

منیش خێرا منالەکەم هەڵگرت، لەگەڵ هاتنە دەرەوەم لەم باخچەیە چاودێرەکەم بینی پرسیارم لێ کرد، کاکە بەئەمرێ کێ ئەم ئیشە دەکەیت، هیچ باخچەیەک لە دنیا نەبیستراوە بەهاوین سەعات ٩ دابخرێ کە گوایە ڕۆژانی تر سەعات ١٠ دادەخرا، باشە بۆ چی کارەباکەت کوژاندەوە، خۆ ئەم خەڵکە بەستە زمانە مەڕومالآت نین کەوتونەتە گیانی یەکتری بە جنیو و گریان گەڕان بە دوای دایک.

(خوشکە بە ئەمری بەلەدیە (شارەوانی) من ئیش دەکەم لێرە ئەگەر کارەبانەکوژێنمەوە یەک منالّ ناچێتە دەرەوە) .

باشە ئەمانە چەند پرسیارێکی کە لە خودی خۆیانەوە وەلآم دەدرێنەوە باشە ئەگەر دەرگای ئەم باخچەیە هەردەم ولآ بێ تا ١ شەو وابزانم منالّ خۆی بێزار دەبێ و پێش سەعات ١٠ باخچەو یاری جێ دێڵن .

بەڵام منالّە بەنازەکانمان تامەزرۆی ئەم یاریانەن، هەر بەڕاکردن فریای ناکەوێ جابۆیە بەبەرپرسیانی شارەوانی بەڕێز دەڵێم بێگومان هەوڵ و ماندوو بونیان دیارە لە خزمەتی بەردەوام لە ئاوەدان کردنەوەو پاراستنی باخچەو ژینگەی عەنکاوە بەڵام ئیمە ی گەورە باجێکی زۆرمان داوە و مەحروم بووین لەم یاریانە بەڵام منالّە کانمان پێویست بەم باجە ناکات و ئەمەش حەقی خۆیانە .

دەلال سلیوە عیسا